# چارەسەکردنی مەسەلەی ئازادی



ژان بۆدریار

دوو تارمایی هەیە لە سویکتدا نیشتەجێ دەبن: تارمایی ویست و تارمایی ئازادی.

هەموو شتێک سوبێکت پاڵدەنێت بەرەو داواکردنی مومارەسەی تەواوی یەکەمیان و بەکارهێنانی بێ سنووری دووەمیان.

لەمڕۆدا نا-یاساییە خۆمان نەمانەوێت ئازاد بین، یان واز لە ویستی سوبێکتیڤی خۆمان بهێنین.

مرۆڤی «ڕزگارکەر» بە هێزی یاسا دەبێتە بەرپرس لە پێشمەرجە ئوبێکتییەکانی بوونی خۆی. ئەوەیش چارەنووسێکە کە کەمترین شتێک بکرێت لەبارەیەوە بووترێت ئەوەیە کە لێڵە: بۆ نموونە، کرێکاری «ڕزگارکەر» دەبێتە بارمتەی پێشمەرجە ئوبێکتییەکانی بازاڕی کار.

هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریدا (ڕزگاریی وزە، سێکس، فەزیلەتە ئەخلاقییەکان، کار)، مۆدێرنە دەستدەکات بە گۆڕینی هەموو ئەو شتانە کە سەر بە بواری خەیاڵی و خەون و ئایدیالیزم و یۆتۆپیان بۆ واقیعێکی تەکنیکی و پراکتیکییانە. لەمڕۆدا وەدیهاتنی هەموو ئارەزووەکان و وەدیهاتنی هەموو مومکیناتەکان دەبینن، شاهیدی بەدەستهاتنی بێمەرجی ئەو ئارەزوو و مومکینانەین، بۆیە باڵایەتی و مرۆڤی نامۆ کۆتایی پێهاتووە: ئێمە لەبەردەم تاکێکداین کە لە بەشێوەی مەجازیی لە ئارەزووەکان تێر بووە: بواری مەجازیی ئەوەیە کە واقیعی دەکاتە گشت، بەوەی هەموو نۆبەکارییەکی خەیاڵی


Jean Baudrillard

هەڵدەمژێت، تاوەکو لە کۆتاییدا تاکەکەس لەگەڵ خۆیدا هاوشوناس بێت و بەڵێنی «من» بەجێ بهێنێت.

پێشبینیی مێژووی مۆدێرنە هەر لە هیگڵ و مارکسەوە هەتا شتێرنەر و پۆزەتیڤیستەکان، پێشبینییەکە کە خود بۆ خۆی هەیەتی و کۆتایی نامۆبوونیش وەدیهاتووە، نەک بەرەو باشتر بەڵکو بەرەو خراپتر. لەویترەوە پەڕینەوە بۆ خود، لە نامۆبوونەوە بۆ هاوشوناسی (هەروەها پێشبینییەکەی نیچە دەربارەی هەڵگەڕانەوەی بەهاکان بەشێوەیەکی خراپ بەدیهاتووە لە ڕێگەی تێپەڕینەوە نەک بۆ ئەودیوی چاکە و خراپە، بەڵکو بۆ بە بێ چاکە و خراپە).

ئەم سوبێکتەی شایەنی دابەشبوون نییە یۆتۆپیای وەدیهاتووی سوبێکتە: وبێکتی کامڵ، سوبێکت بە بێ ئەویتر. سوبێکت، بە بێ ئەویترێتییەکی ناوەکی، بەرەو شوناسێکی ناکۆتای خۆی ڕەدەوات. دیاریکردنی شوناسی تاکەکەس، سوبێکت، نەتەوە، نەژاد. دیاریکردنی هەرخۆیەتیی جیهان، کە بۆتە جیهانێکی تەکنیکی و بە ڕەهایی واقیعی –››بۆتە ئەوەی کە هەیە››. میتافۆڕ کۆتایی هاتووە و وەرچەرخانیش کۆتایی هاتووە. هیچ نەماوەتەوە جگە لە پەژموردەبوونی بێ سنووری شوناس.

شوناس خەونێکی پووچی جێی بەزەیی بوو. خەون بەوەوە دەبینین خۆما بین، چونکە هیچ شتێکی لەوە باشتر دەستناکەوێ بیکەین. خەون بە خۆمان و بە داننان بە خۆماندا دەبینین چونکە هەموو تاکایەتییەکی خۆمان لەدەست دەدەین. لەمڕۆدا چیتر لەپێناو سەروەری و سەربڵندیدا خەبات ناکەین، بەڵکو لەپێناو شوناسدا خەبات دەکەین. سەروەری باڵادەستی بوو، شوناسیش تەنیا مەرجەعییەت. سەروەری ڕسک بوو، شوناس پەیوەستە بە ئاساییشەوە (بەو سیستەمی کۆنترۆڵەیشەوە کە

شوناسەکەمان دیاریی دەکات. شوناس هەوای خاوەندارێتی تایبەتی بوونەوەری ڕزگاربووە، بەڵام ڕزگاربوو لە بۆشایی چونکە چیتر نازانێت کێیە. ئەوە ڕەمزی پۆلێنیی وجودیی بێ خاسییەتە. هەموو وزە تایبەتییەکانی کەمینەکان و سەرجەمی گەلان و تاکەکان لەمڕۆدا پشت بەم جەختکردنەوە کۆمیدییە دەبەستێت، جەختکردنەوەی پۆزلێدەرانە: من! من هەم! دەژیم! ناوم ئەنتیلە! من ئەورووپیم! لە بەرامبەردا «ئەو» تەحەدایەکە دواخستنی بۆ نییە، چونکە کاتێک سەروەختی بەڵگەکان دێت هەرگیز هیچ شتێک بەڵگەنەویست نامێنێتەوە.

پرۆسێسی ڕزگاریی هەرگیز بێتاوان نییە، لە ئایدیۆلۆژیای و بزووتنەوەیەکی ئایدیالّیی مێژووەوە دەستپێدەکات، هەمیشەیش دەیەوێت بەرەو دووالیزمی مانای بنچینەیی چاکە و خراپە بڕوات. لە ڕاستیدا لەوە ڕزگاربووین کە «ڕزگاربوو»بین لە خراپەی ئەسڵی، جا ئەمە باش بێ یان خراپ. سادەکردنەوە و شەفافییەت، سڕینەوەی کیشوەری ڕەش و ڕواڵەتی تەمومژاوی و دیوی تاریکی مانگ، چوونە بنج و بنەوانی مەملەکەتی بەهاوە: هەموو ئەمانە لە چەمکەکەی ڕۆسۆدا دەربارەی بەختی باش، مەیلی سروشتی، «ڕزگاریی»، بوونی هەیە.

ئەگەر ئازاد نەبین ئەمە شتێکی نا-ئاکارییە، ڕزگاریی پێکەوە هەم لە ئاوهەڵکێشان و هەم ڕزگارییە، ئا ئەوە نهێنیی ڕاستەقینەی دیوکراسییەتە. بەڵام ئەم مۆدێلە یۆتۆپیایە. ناتوانین چاکە ڕزگاربکەین بە بێ ڕزگارکردنی خراپە، دوولایەنییەکە یەکلاییکەرەوەیە. چالاککردنی مێژوویی هێزەکانی خراپە، بێگومان، بەشێوەیەکی خێراتر لە چالاککردنی هێزەکانی چاکە ڕوودەدات. لێرەدا بەرەنجامێکی کێشەئامێزی دیکە هەیە: شتەکان، هەر لەو ساتەوە کە تێیدا ڕزگاردەکرێن، دەستدەکەن بە هاتنوچوون: وەک پارە لە قوماردا، سێکس لە ڕەگەز نادیاریدا، بەرهەمهێنان لە موزایەدەی ناووپێویستدا، زەمان لە حیسابی ئەو ئەسڵانەدا کە لە بڕیار بەدەدرن. شتەکان دەگەنە قۆناغێک کە هەم نا-دڵنیایانەیە و هەمیش خەمناک. هەڵکشانێکی بەهێز و کتوپڕ کە ناتوانین کۆنترۆڵی بکەین (بۆ نموونە، ڕزگارکردنی بواری ئەتۆمی)، لە هەمان کاتدا سەرەتای گەڕانەوەیەکی سەربەرەوخوار: لەو ساتەوەی کە لێکجووتی، حیسابی بەها و کەڵەکەبوونی تێدایە، تەریب بەمە ڕوانگەیەکی مەسرەفگەرییانە هەیە. هەمیشە ڕزگاریخوازی بەرەو قۆناغێکی تەنگەبەر دەچێت کە بەرەنجامەکان سەرەو خوار هەڵدەگەڕێنەوە.

بەم جۆرە ئازادی لەژێر بەرەنجامە لێکدژەکەی خۆیەوە پانبوویەوە: ڕزگاری. ئازادی، لە چەمکە فەلسەفییەکەیدا، ئایدیایەکە ئەو کاتەی بەدەستی دێنین لە دەستیشی دەدەدەین –ئەمە تارادەیەک لە دۆخی ئارەزوو دەچێت کە ئایدیاڵە زەینییەکەی هاوکات لەگەڵ وەدیهاتنیدا دەڕەوێتەوە. پاشان، ئازادی لە گویرەی لۆژیکە تایبەتییەکەی خۆی بەشێوەیەکی سروشتی مردووە و لە خەیاڵە زۆر قووڵەکەماندا سڕدرایەوە. بەڵام هێشتا ئەوەی ماوە بەە شێوەیەکی دەستکردیش بمرێت تاوەکو وێنەکەی لەنێو هەموو ئەو گوتارانەدا بمێنێتەوە کە جێگای دەگرنەوە، لەنێویاندا گوتار مافەکانی مرۆڤ، بەە شیوەیەکی گشتییش لەنێو هەموو ئەو فۆرمانەدا کە مافی بوونیان گۆڕیوە بە بوون، مافی جیاوازبوونیان گۆڕیوە بە جیاوازی، مفی ئارەزوویان گۆڕییوە بەە ئارەزوو، دواجار مافی ئەوەی کە چۆنین وابین و ئەوەمان بوێت کە دەمانەوێت، ئەم مافەیان گۆڕیوە بە ئازادی، ئازادییەک بە فیگورێکی کۆمیدییەوە. ئازادی لەگەڵ چارەنووسی هەموو ئەم بەها لەنێوچووانەدا هاوبەشە، پەردە لەڕووی هەڵماڵراوە و سەرلەنوێ لە ڕێگەی پرسەگێرانەوە زیندووکراوەتەوە، بەهای نۆستالژی و ماخولیای کە سیستەم وەک ڕۆحی داهێنانگەریی دەیانخاتە بەردەست.

تێدەگەین تاکەکەس تەنیا یەک ئارەزووی هەیە –ئەویش ڕزگاربوونە لە هەموو ئارەزوویەک. »ئەوە مەستییە بەوەی شتێک نەبین، ویستیش خەمێکە کاتێک

بە هەنگاوی گەمژانە بە هەیوانەکاندا تێپەڕین، لێمان کەوتووە». (پیسوا).

ئەم «صیرورە» لێکدژە دەتوانێت تا رادەی ڕەتکردنەوەی ئەم ئازادییە بێمەرجە بڕوات. هەر کە یۆتۆپیای ئازادی وەدی دێت دەستبەجێ ونیش دەبێت، تاوەکو فۆڕمەکانی پێشتر، ئەو فۆڕمانەی کە تێپەڕێنراون و فۆڕمەکانی ملکەچی بێنەوە پێش و لای خۆیانەوە و بە نەرم و نیانی بینە یۆتۆپیا. عومەر خەیام دەڵێت:

**باشترە بە گوێڕایەڵی خزمەتی یەک پیاو بکەیت**
**نەوەک هەزار خزمەتکار ئازاد بکەیت**

با ئایدیاکە ڕوون بکەینەوە: مەسەلەکە پەیوەست نییە بە یۆتۆپیای فۆڕمێکی سەروەر و کۆیلەوە کە لە ڕووی مێژووییەوە بەسەرچووە، بەڵکو پەیوەستە بە زنجیرەی فۆڕمەکانەوە، بە ملکەچبوون بۆ سووڕی صیرورە و ڕێسای گۆڕانەکانەوە. پەیوەست نییە بە گوێڕایەڵی تاکەکەسییانەی کۆیلەوە، بەڵکو پەیوەستە بە گوێڕایەڵی وشەکانەوە لە یەکتری لەنێو زماندا. بەم جۆرە، زەرورەتی فۆڕمێک دروست دەبێت: وشەکان «ئازاد» نین، کردەی نووسینیش «ڕزگاریان ناکات». -بە پێچەوانەوە، نووسین پێکەوەیان دەبەستێتەوە بەڵام بە «وریاییەوە». تاکە شتێک کە دەبێت لێی ڕزگار بکرێت، بەشێوەی ئیحتیمالی، مانایە، ئەوەیش لەبەر ملکەچپێکردنی بۆ زنجیرەیەکی نهێنیی تر.

پاڵەوان ڕووداوەکان «ڕزگار ناکات»، هێزە مێژووییەکان ڕزگار ناکات و مێژوویش بنیات نانێت. ئەوەیش ڕەمزەکانی خوراف و ئەفسانە لە زنجیرەیەکدا ڕێکدەخات، لەبەرئەوە شۆڕش و دیموکراسییەت پێویستیان بە پاڵەوان نییە. شاعیر وشەکان «ڕزگار ناکات» بە گوێرەی ماناکەیان. بەڵکو بە گوێرەی ڕەمزەکانی زمان ڕیزیان دەکات: لەبەرئەوە کۆمار پێویستی بە شاعیرەکان نییە. شێتی و دەبەنگەکان ئارەزووەکان «ڕزگار» ناکەن، حاڵەتی چەپاندن هەڵناگرن، بەڵکو زنجیرەی نهێنیی ڕەمزەکانی ورێنە کەشف دەکەن - کە نزیکترە لە گۆڕینی جیهانی کۆن و نەفرەتێکی جیهانێکی دیکە، نەک لە ئارەزوو و نائاگاییەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، ئێمە فۆڕمەکانی ڕزگار ناکەین، هیچ ڕزگار ناکەین جگە لە هێزەکان. جیهانی هێزەکان و بەهاکان و و بگرە هزرەکانیش، هەموو جیهانی ڕزگاریی جیهانی پێشکەوتن و تێپەراندنە. بەڵام ناشێت فۆڕمەکان تێپەڕێنین. لە فۆڕمێکەوە دەچین بۆ فۆڕمێکی دیکە، ئەم گەمەیەی فۆڕمەکان گەمەیەکی تراژیدی و پێکەنیناوییە، لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی هێزەکان، ململانێی بەهاکان و ئایدیۆلۆژییەکان هیچ نین جگە لە ناکۆکییەکی دراماتیکی و ململانێکارانە. هەموو ڕەمزەکانی مۆدێرنە و ڕزگاری ڕەمزی یۆتۆپین: خەون بە نا-شوێنێکی ئایدیاڵی و کۆتاییەوە دەبینن.



**پرۆسێسی ڕزگاریی هەرگیز بێتاوان نییە، لە ئایدیۆلۆژیای و بزووتنەوەیەکی ئایدیاڵیی مێژووەوە دەستپێدەکات، هەمیشەیش دەیەوێت بەرەو دوالیزمی مانای بنچینەیی چاکە و خراپە بڕوات**

بەڵام ئەوەی تایبەتە بە فۆڕمەکان (هەروەها فۆڕمەکانی هونەریش) لە یۆتۆپیاوە نەفەسی ژیان وەرناگرن، خەون بە تێپەڕاندنی خۆیانەوە بە ئاراستەی کۆتاییەک نابینین، چونکە لە بنەڕەتدا خۆیان نا-شوێنن. بە هەرحاڵ، بۆ ئەوە ڕزگارکەر بین دەبێت پێشتر کۆیلە بین. بۆ ئەوەی کۆیلەیش بین دەبێت نەکرێینە قوربانی و قوربانیمان پێنەدرێت (تەنیا زیندانییە قوربانینەکراوەکان کۆیلەن). هەندێک لەم لێخۆشبوونە قوربانیکارییە و هەندێک لە کۆیلایەتی دواتر، لە مرۆڤی «ڕزگارکەر»دا بەردەوام دەبن، بە تایبەتیش لە کۆیلایەتیی ئێستادا -ئەوە نییە کە پێش ڕزگاری دەکەوێت، بەڵام ئەوەیە کە دوای ڕزگاری دێت. کۆیلایەتی مۆدێلی دووەم: کۆیلایەتی بێ ئاغا.

لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا، ئاغا و کۆیلە هەبوون. لە دواتر، سەروەر و سەپان. پاشان، سەرمایەدار و کرێگرتە. هەریەکێک لەم قۆناغانە جۆرێکی تایبەتی کۆیلایەتییان تێدا بوو: دەزانین ئاغا کێیە و کۆیلە کێیە. ئێستا مەسەلەکە بە تەواوەتی جاوازە: ئاعا نەماوە، تەنیا سەپان و کۆیلایەتی ماوەتەوە. بەڵام، کیلەی بێ ئاغا چییە، کۆیلەیەک کە ئاغاکەی خۆی خواردوو و بردوویەتییە ناخی خۆیەوە تا ئەو ڕادەیەی کە تەنیا بۆتە ئاغای خۆی و هیچیتر. ئەو ئاغاکەی خۆی نەکوشتووە تاوەکو خۆی ببێتە ئاغا (ئەمە دۆخی شۆڕشە)، بەڵکو قووتیداوە و هێشتا خۆیشی هەر بە کۆیلەیی ماوەتەوە، بگرە کۆیلایەتییەکە لە کۆیلە زیاترە، لە سەپان سەپانترە: سەپانی خۆی. ئەمە دوا قۆناغی کۆیلایەتییەکەیەتی، لە پاشەکشەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، بەرەو قوربانیدان دەڕوات. کەس بە پێشکەشکردنی وەک قوربانی شەرەفمەندی ناکات، بۆیە دواجار دەگات بەوەی کە مەجبورە خۆی، بە ویستی خۆی، قوربانی بە خۆی بدات بۆ خۆی. کۆمەڵگە خزمەتگوزارییەکەمان کۆمەڵگەی سەپانەکانە، خەڵکانی بەکۆیلەبووی بەکارهێنانە خودییەکانیاننن ملکەچی وەزیفەکان و فرمانی خۆیانن -بە تەواوی سەرفرازن و بە تەواوی سەپانن.

ئەگەر مومکین نەبێت کێشەی ئازادی بخرێتە ڕوو، کەواتە دەبێت ڕێگایەکی داهێنەرانە بۆ نەخستنەڕووی یان بۆ تێپەڕاندنی بدۆزرێتەوە. لەودیوی ئازادییەوە چی هەیە؟ هەمان دوالیزم تایبەت بە کۆتاییش: لەودیو کۆتاییەوە چی هەیە؟

هاوتای چەمکی ئازادی بۆ ئەو شتەی کە لە قسەکردنی ڕۆحی و زمانی شیعریدا ڕوودەدات، لەێدا کە ناتوانرێت وشەکان بە یەکتری و بە مانای یەکتری بگۆڕدرێنەوە، بەڵام وەک ئەوەی لە خۆیدا هەیە بە دیاریی زمان گۆڕانی بەسەردا هێنراوە، ئەم هاوتایە هیچ نییە جگە لە مرۆڤ، دوور لە ویستی تایبەتییان، هەر ئەوەن کە هەن، ڕووداوی ڕاستەوخۆی ئەوەی کە هەن و دەیکەن- لایەنیکەم لە ساتەوەختە «شیعرییەکانیان»دا، کاتێک کە هیچ شتیک نانوێننەوە، بە تایبەتیش خۆیان وەک سوبێکتەکان. بەڵام ئەوانیتر، ڕیتۆریکی وییست و بەرپرسیارێتی و ئازادی، گەرانەوە دیمەنی فەلسەفە ئەخلاقییەکەمان؛ هەموو ئەمانە زۆر باشن بۆ ئاگایی نامۆکراوی سوبێکتی ڕزگاربوو لە وەهمەکان، ئەو سوبێکتەی کە «ڕزگاری دەکەین» چونکە نائنین وەک کۆیلە چی لێ بکەین، خۆیشی نازانێت چیتر چی لەم ئازادییە بکات.

بە کردەیی، ئەوە ئازادییەکی تەواو ڕێژەییە کە سوبێکت ببێتە بەرپرکس لە هەلومەرجە ئوبێکتییەکانی ژیانە خودییەکەی، چونکە من هێشتا لێرەدا ئوبێکتم و بە تەواوەتی ئازاد نیم- دەبێت لەم ئازادییە خۆیش ئازاد بکرێم. ئەمەیش تەنیا لە گەمەکاندا ئیمکانی هەیە، لە ئازادیی ئەم گەمە ئێجگار زرنگانەیەدا ئیمکانی هەیە کە بە پارادۆکسەوە، ڕێسا کۆدەنگانەکەی ڕزگارم دەکات. بەڵام لە واقیعدا من گیرۆدەی ویستی خودیی خۆمم.